## دیار کەمال:

# زۆر گرنگە سەرچاوەی دارایی یانەکان بە یاسا ڕێکبخرێ

دیمانە: کاروان کانەبی

**دیار کەمال ئەسعەد لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٩ی شاری سلێمانییەو گۆڵپارێزی هەریەك لە یانەکانی ئاسۆ و ڕاهێنەری گۆڵپارێزی یانەی ئاڵا و ئاسۆ لاوانی هەولێر و دواتر یانەی هەولێر بووە، خاوەن بڕوانامەی مەشقی نێودەوڵەتییەو بڕوانامەی ماستەری لە وەرزش هەیە، ئێستاش مامۆستایە لە سکوڵی پەروەردەی وەرزشیی زانکۆی سلێمانی ماوەیەکی زۆر خزمەتی وەرزشی کوردستانی کردوە وەکو ڕاهێنەرو یاریزان لە یانەکانی شاری هەولێرو سلێمانی، ئێستاش سەرپەرشتیاری تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی پێشمەرگەی سلێمانییە ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد:**



***چۆن بوو بڕیارت دا لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی کار بکەیت؟**

- دوای ئەوەی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بڕیاری دا من دەستنیشان بکات بەو پێیەی ئەم یانەیە روو لەوە دەکات کە تیپی تۆپی پێی یانەکەی بە زانستی بکات بۆ خۆئامادەکردن بۆ وەرزی داهاتوو، دوای ئەوە منیش چەند لایەنێکی گرنگم لەگەڵ باسکردن و ئەوانیش لارییان نەبوو لەسەر ئەو خاڵانەی من لەسەر بنەمای کارکردنی زانستی دەستێوەرنەدان لەکارەکەم، بۆیە بڕیارم دا کاریان لەگەڵدا بکەم.

*** بەگرێبەست لەگەڵیان ڕێککەوتیت، یاخود هەر بە شێوەی مووچە کاریان لەگەڵدا دەکەی؟**

-نەخێر، بڕوابکە تا ئێستاش باسی مووچەشم لەگەڵ نەکردوون، گرنگ ئەوەیە نرخی کاری ئێمە بزانرێ، کەسانی پسپۆر بەچاوی گەورە سەیر بکرێ ئەوە گرنگە بەلای منەوە.

*** چۆن بوو وەك سەرپەرشتیار دەستنیشانکرایت لەکاتێکدا خۆت راهێنەری گۆڵپارێز بووی لەچەند یانەیەك وەك ئاڵا و هەولێر؟**

-راستە پێشووتریش چەند یانەیەکی سلێمانی داوایان لێکردم وەك راهێنەری گۆڵپارێز کاریان

لەگەڵدا بکەم، بەڵام لەڕاســـتیدا بەهۆی سەرقاڵ بوونم بە کاری زانکۆوە ناتوانم ئەرکی ڕاهێنەری بگرمە ئەســـتۆ، چونکە پێویســـتی بە کات تەرخان کردن و بەگەڕخستنی توانـــای جەســـتەیی و هزری هەیـــە، لەبەر ئـــەوە وەك سەرپەرشتیار دەستنیشان کرام.

*** بڕیاری ئەوەت دابوو لەگەڵ هیچ یانەیەك کارنەکەی چۆن بوو پاشگەز بوویتەوە؟**

-قســـەکەت راستە، ئێســـتاش بۆچوونم وایە کە پێویستە لەگـــەڵ کەســـانێك کاربکەیت کە لێت تێبگەن و دەســـت لەکارت وەرنەدەن و ڕێزی کارەکەت بگرن، لە پێشمەرگە لەم ماوەیەدا تا کارکردنی ئێستام کارەکانم بەباشی ئەنجامداوە و گۆڕانکاریم کردووە لە چەند لایەنێکی تیپ بە هەماهەنگی لەگەڵ راهێنەران، بۆیە ئەگەر لێرەش پێچەوانەی کارکردنی زانستی دروست کاربکرێ بێگومان دەست لەکاردەکێشمەوە.

*** بەنیازیت لەگەڵ یانەی پێشمەرگە چی بکەیت ؟**

-پلانمـــان وایە لەگەڵ راهێنـــەر کۆمەڵێك گۆڕانکاریی ســـەرەکی بکەین و ئەو هەڵانەی روویانداوە لە پێشـــووتر دووبـــارەی نەکەینەوە، پلانمان هەیە خـــۆ ئامادەکردنێکی باش و تەندروســـت و دووربینی بـــۆ داهاتوو کاربکەین، لە وەرزشـــدا کاتێك بە دروســـتی کارت کرد دڵنیابە ئەنجامی باشت دەبێت.

*** وەکو مامۆســـتایەکی زانکۆ بە نیازی هیچ پلانێکی نیت بۆ وەرزشی کوردستان؟**

-مـــن لەماوەی ڕابردوودا ســـیمینارێکم پێشـــکەش کرد لەزانکۆ لەسەر ســـەرچاوەی دارایی یانەکان، چونکە زۆر بەلامەوە گرنگە کارلەســـەر ئەوە بکرێ سەرچاوەی دارایی یانەکان بە یاســـا ڕێکبخرێ و بە وردی قســـەی لەســـەر بکـــرێ و ئەو کاریگەریانە باس بکرێ کە رەوتی وەرزش و ســـەرچاوەی دارایی یانەکان پەك دەخەن و ئەو ڕێگەچارانە کامانەن کە بەهۆیەوە بتوانی ڕێگەی دروست و چارەسەری درێژخایەن بۆ ئەم کێشەیە بدۆزینەوە.

*** بە شێوەیەکی گشتی خولی کوردستان چۆن دەبینی؟**

-بەشـــێوەیەکی گشتی ســـەرکەوتووە گرنگ ئەوەیە لە بەڕێوەبردنـــی ئەم خولانە بەرپرســـانی ڕێکخەر ئەزموونی ڕێکخســـتن وەربگرن، گـــوێ لەراوبۆچوونی شـــارەزایان و ڕاهێنـــەران بگـــرن چونکە ئـــەوان لەدیـــوی دەرەوەی ڕێکخستنەکەن و هەڵەکان جوانتر دەبینن.

*** هەوڵ نادەن یانەی پێشـــمەرگە بەشـــداری پێبکەن لە خولی عێراقی کە ساڵێك لە خولی نایاب بووە؟**

-بەشـــداریکردن و خۆئامادەکرن بۆ خولی عێراق پێویستە لەســـەر بنەمای لێهاتوویی دارایی یانە و توانای یاریزانان لەم کاتەی ئێســـتادا ستراتیژیەتیی یانە پاڵپشتە بەوەی کە لەبەردەستدایە ئەمەش تەنیا بۆ فەراهەمکردنی تیپەکەمانە بۆ خولی کوردستان .

*** دوو وەرزە یانەی پێشـــمەرگە دابڕاوە لە بەدەستهێنانی نازناو هۆکاری چی بووە؟**

-هـــۆکار زۆرە و ئەو کەســـەی پێش ئێمـــە کاریکردووە بەدڵنیاییەوە مەبەستی بەدەســـتهێنانی ئەنجامی باش بـــووە، بەڵام سروشـــتی کارکـــردن و شـــێوازی کارکردن و بیرکردنـــەوە و چۆنێتـــی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکانی ناو تیپ رۆڵی دەبێت لەسەر باش بوون یان خراپ بوونی ئەنجامی یانە، بۆیە پێویستە ئێمە بە وردی بیربکەینەوە پاشان بڕیاربدەین.



*** بریـــاڕت نـــەداوە قوتابخانەیەکی پێگەیاندنی گۆڵپارێزەکان بکەیتەوە لەشاری سلێمانی؟**

-لەراســـتیدا هەموو کاتێك پێشـــنیاری ئەوەم کردووە کە لـــە هەولێریش بووم، ئەمە ئەرکـــی یەکێتی تۆپی پێیە کە ئەم قوتابخانەیە بکاتەوە، ئەگەر ئەم کارەش نەکرا پێویستە راهێنەرانـــی (بێچووە شـــێران - تازە پێگەشـــتووان) زۆر ئاگاداربن لە دەستنیشـــانکردنی گۆڵپارێز و لایەنی باڵاو شێوازی جەستەی ئەو گۆڵپارێزە بیرلێبکەنەوە تا لەداهاتوو بتوانرێ ســـوودی لێوەبگیرێت، چونکـــە ئەمە لایەنێکی زانستی گرنگە .

*** خۆشترین یادەوەریی وەرزشیت چییە لە ژیانتا؟**

-یادەوەریی خۆش زۆرە،بەڵام ئەوانەی شانازیان پێوە دەکەم وەك یاریزان دەستنیشـــانکردن بە باشترین گۆڵپارێز لەسەر ئاســـتی هەرێم لەخولی تیپەکانی هەرێم، وەك راهێنەر ئەو ئەزموونە ســـەرکەوتوانە بوو لە یانەی ئاڵا و لاوانی هەولێر کە توانیم چەند گۆڵپارێزێك پێشـــکەش بە هەولێر بکەم و هەمیشە شانازی بەوەوە دەکەم.

*** ئەگەر جارێکی دیکە لە شاری هەولێر لەلایەن یانەکان داوات لێبکەن کاریان لەگەڵدا بکەی ئامادەی خزمەتی ئەو شارە بکەیت؟**

-شـــاری هەولێر گەورەترین لانەی من بووە چەندین ساڵ منی لـــە ئامێز گرت، بۆیە هەرکاتێك یانەیەکی شـــاری هەولێر داوام لێبکات ئەگەر ڕێوشوێنی ژیانی من و کارکردنم گونجا ئەوە بەبێ دوودڵی خزمەتی هەولێر ئەکەم.

*** ماوەیەك زۆر رەخنەت لە بەرپرســـانی وەرزشی دەگرت ئێستاش بەردەوامی؟**

-کاری مامۆستای زانکۆ تەنیا وانە وتنەوە نییە، بەڵکو پێویستە قسەی هەبێت لەسەر شێوازی کارکردنی بەرپرسانی وەرزشی ئەم وڵاتە، هەرکات درکی بە هەڵەیەك کرد پێویستە بیخاتە روو و چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، بۆیە ئێستاش دەڵێم بەرپرســـانی وەرزشی ئەم وڵاتە هەندێکیان تا ئێستاش وەك پێویســـت لەوەرزش تێنەگەیشتوون و لەوە ماڵوێرانتر ئەوەیە کەهەندێ کەسی وەرزشوان و خاوەن بڕوانامە لەچواردەوری ئەو بەرپرســـانە کۆبوونەتـــەوە و بـــۆ بەرژەوەندیی خۆیان بێدەنگن لەئاســـت هەڵەکان بەڵام لەکۆتاییدا (مانەوە تەنها بۆ باشەکانە).



# ١٠ بەناوبانگترین سەرۆک وڵات خـــ

لەگەڵ دەستپێکردنی یارییەکانی جامی جیهانی ٢٠١٤ لە وڵاتی بەرازیل، ئەم یارییە هەموو لایەکی بۆ خۆی راکێشاوە گەورە و بچووك بە بەردەوامی سەیری یارییەکانی ئەم پاڵەوانێتییە دەکەن، بە پێی راپۆرتێك، گەورەترین ١٠ سەرۆکی وڵات لە جیهان خولیای یاری تۆپی پێن و بەپەرۆشەوە یارییەکە ئەنجام دەدەن و سەیری دەکەن.



١

سەرۆکی وڵاتی بۆلیڤیا ئیفۆ مۆرالیس خولیایەکی زۆری یاری تۆپی پێیە، ئێستا لە ریزی یانەیەکی پلە یەکی بۆلیڤیا یاری دەکات لە هێڵی ناوەڕاست و درێسی ژمارە ١٠ لەبەر دەکات و بە مووچەی مانگانە ٢١٣ دۆلار، جێگەی باسە ئەم سەرۆك وڵاتە تەمەنی (٥٤)ساڵە.



٢

سەرۆکی ئەمەریکا باراك ئۆباما هاندەری هەڵبژاردەی ئەمەریکایە و خولیای یاریی تۆپی پێیە.



٣

سەرۆکی وڵاتی رووسیا پۆتین هاندەری هەڵبژاردەی رووسیایە.




٤

سەرۆکی بەرازیل دیلما رووسیف هاندەرێکی سەرسەختی هەڵبژاردەی بەرازیلییە و خولیایەکی زۆری تۆپی پێیە.



٥

سەرۆکی پێشووی ئێران مەحمود ئەحمەدی نەژاد هاندەرێکی سەرسەختی هەڵبژاردەی ئێرانە و بەردەوام پاڵپشتی لە هەڵبژاردەی ئێران دەکرد.


٦

ســـەرۆکی کۆچکردووی وڵاتی ئەفریقیای باشـــوور نیلسۆن ماندیلا زۆر حەزی لە یاریی تۆپی پێ بوو.



٨

راوێژکاری ئەلمانیا ئەنجێلا مێرکیل بەوە ناســراوە لە هەر شوێنێك هەڵبژاردەی ئەڵمانیا یاری هەبێت ئەو لەو شوێنە ئامادەیە و لە دوای سەرکەوتن لە ژووری خۆگۆڕین ئاهەنگیان لەگەڵ دەگێڕێت.


٧

سەرۆکی پێشـــووی فەرەنسا نیکۆلا ســارکوزی حەزی لە یاریی تۆپـــی پێ بوو و بەردەوام بینـــەری یارییەکانی هەڵبژاردەی فەرەنسا بوو.


١٠

ســـەرۆك وەزیرانی بریتانیا دیڤیـــد کامیرۆن زۆر حەز بە یاریـــی تۆپی پـــێ دەکات و هەردەم لە یاریـــگاکان ئامادە دەبێت.


٩

ئەمینداری گشـــتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بان کی مۆن هـــەردەم یاریی خێرخوازی بۆ پاڵپشـــتی هـــەژاران ئەنجام دەدات.

# ـــــولیای تۆپی پێن و ئەنجامی دەدەن

# 2014 پیشەی ناوبژیوانانی بەشداربووی جامی جیهانی

لەگەڵ دەستپێکردنی یارییەکانی جامی جیهانی ٢٠١٤ لە وڵاتی بەرازیل، زۆرترین ڕەخنە لە ئاستی ناوبژیوانەکان گیرا تا ڕادەیەك هەندێکیان بوونە هۆکاری گۆڕینی ئەنجامەکان، ئەمەی خوارەوەش پیشەی هەندێك لە ناوبژیوانانی یارییەکانی جامی جیهانی ٢٠١٤، کە لە وڵاتەکانی خۆیان ئەنجامی دەدەن.

ئا/ ڕێبین ڕەمزی





٢

ناوبژیوانی ئەرژەنتینی نیستۆر بیناتا، کە یاریی هەردوو هەڵبژاردەی کۆریای باشوور و ڕووسیای بەڕێوەبرد، کاری پاسەوانی کردووە لە یانەکانی شەوانە و هەروەها بەشداری لە چەند کورتە فلیمێکدا کردووە.




١

ناوبژیوانی ئینگلیزی هاورد ویب پێشتر پیشەی پۆلیس بوو، بەڵام لەبەر ناوبژیوانێتی کارەکەی جێهێشت، یاریی کۆتایی جامی جیهانی ٢٠١٠ و یاریی کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپای ٢٠١٠ بەڕێوەبرد و لەم پاڵەوانێتییە یاریی کۆلۆمبیا و ساحیل ئەلعاجی بەڕێوەبردووە.



٣

ناوبژیوانی سویدی جۆناس ئەریکسۆن یاریی هەردوو هەڵبژاردەی ئەمەریکا و گانا-ی بەڕێوەبردووە یەکێکە لە میلۆنێرەکانی وڵاتی سوید خاوەنی کۆمپانیایە لە یەکێك لە کارەکانی ١٠ ملیۆن یۆرۆی بردەوە.



٤

ناوبژیوانی گامبیا باکاری گاساما کە یاریی هەردوو هەڵبژاردەی هۆڵەندا و شیلی بەڕێوە دەبات، پیشەی ئەنجامدانی یاریی زۆرانبازییە لە وڵاتەکەی.




٥

ناوبژیوانی ئەڵمانی فیلیکس بریش، کە یاریی هەردوو هەڵبژاردەی ئۆرگوای و کۆستاریکای بەڕێوەبرد پیشەی پارێزەرە لە ئەڵمانیا ئەم کارە ئەنجام دەدات.



٦

ناوبژیوانی هۆڵەندی بیورن کە یاریی هەردوو هەڵبژاردەی ئیتالیا و ئینگلتەرەی بەڕێوەبرد، بزنسمانێکی هەمەپیشەیە، کە گرنکترینیان سەرتاشینە.



٧

ناوبژیوانی مەکسیکی مارکۆ ڕۆدریگێز کە یاریی هەردوو هەڵبژاردەی بەلژیکا و جەزائیر-ی بەڕێوەبرد لە یەکێك لە کەنیسەکانی ئەم وڵاتە وانەی ئایینی دەڵێتەوە.



٨

ناوبژیوانی ساحیل ئەلعاج نۆماندییز کە یاریی شیلی و ئوسترالیای بەڕێوە برد، لە وڵاتەکەی چەند پیشەییەك ئەنجام دەدات، کاری سەرەکیی دەرمانسازییە، بەڵام یاریی تۆپی دەست ئەنجام دەدات، هەروەها کاری سەماش دەکات.